https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.24

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ دۆخی چالاکیی گەشتوگوزار لە قەزای چۆمان بە بەکارهێنانی شیکردنەوەی چواری (SWOT)

پ. ی. د. ڕوستم سلام عزیز

زانکۆی کۆیە/ فەکەڵتیی پەروەردە

هاوکار شمس الدين قادر

قوتابی ماستەر/زانکۆی کۆیە

فەکەلتی پەروەردە/جوگرافیا

Rostam.salam@koyauniversity.org

Nhawkar70@gmail.com

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بنەما و توانستە سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزار لە قەزای چۆمان، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە سەرەڕای ئەوی کە گریمانەی ئەوە دەکات؛ ناوچەکە دەوڵەمەندە بە بنەما سەرەکییەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەهەڵسەنگاندنی بابەتییانە دەبێ بۆ دۆخی چالاکیی گەشتوگوزار. بە مەبەستی گەیشتنی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بەستووە بە میتۆدی وەسفی و شیکردنەوەی مۆدێلی شیکردنەوەی چواری (SWOT) بە سوودوەرگرتن لە فۆڕمی ڕاپرسیی هەڕەمەکی و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکانی پسپۆڕ لە بواری گەشتوگوزار، لە شیکردنەوەی چواری بە دانانی کێش بۆ پێوەرەکان لە ڕێگای وەرگرتنی ناوەندی ژمێرەیی بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە (بەهێز و لاوازەکان) و دەرخستنی هەڵەکان (دەرفەت) لەگەڵ دیاریکردنی مەترسییەکان لەسەر چالاکیی گەشتوگوزار لە ناوچەی لیکۆڵینەوە، توێژینەوەکە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە قەزای چۆمان خاوەنی چەندین خاڵی بەهێزە لە کەرتی گەشتوگوزار، ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین دەرفەت کە دەکرێت لە داهاتوودا ڕۆڵێکی کارا بگێڕێ لە پەرەپێدانی چالاکیی گەشتوگوزار.

وشە کلیلییەکان: قەزای چۆمان، چالاکیی گەشتوگوزار، بنەما سروشتی و مرۆییەکان، شیکردنەوەی چواری(SWOT).

## هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ دۆخی چالاکیی گەشتوگوزار لە قەزای چۆمان بە بەکارهێنانی شیکردنەوەی چواری (SWOT)

### پێـشەکی:

گەشتوگوزار لایەنێکی گرنگ لە ئابووریی وڵاتان پێکدێنێت و بۆتە یەکێک لە پیشەسازییەکانی سەدەی بیست و یەک، بە یەکێک لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ڕۆشەنبیرییە گرنگەکان دادەنرێت، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و دابینکردنی هەلی کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ناوچەیەکی گوشتوگوزاریی گرنگ دادەنرێت، کە سەرجەم بنەما سروشتی و مرۆییەکانی چالاکیی گەشتوگوزاری تێدا بەدیدەکرێت، بەو پێیەی قەزای چۆمان تێکڕایی ڕووبەرەکەی دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان، لە توانایدایە ببێتە ناوچەیەکی گەشتوگوزاریی سەرنجڕاکێش و جوان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی، چونکە ژینگە شاخاوییەکان لە زۆر ناوچەی جیهان بوونەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران، کە دەتوانرێت چەندین پرۆژەی ستراتیجی گەشتوگوزاری وەک (تەلەفریک، هەوارگە، وەرزشی خلیسکانی سەربەفر) تێیدا دابمەزرێت، کەوا گەشتیاری وەرزی بگۆڕێت بۆ هەمیشەیی و بە درێژای ساڵ هەزاران گەشتیار سەردانیبکەن، بۆیە لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی گەشتوگوزار لە قەزای چۆمان و دیاریکردنی گرنگترین ئەو گرفتانەی کە دووچاری کەرتی گەشتوگوزار دەبێتەوە لەگەڵ دیاریکردنی گرنگترین بنەماکانی دەکرێت بەکاربهێندرێ بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئەم کەرتە، گرنگیی لێکۆڵینەوەکەش خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە، دانیشتوانی ناوچەکە هەست بە گرنگی و پێگەی چالاکیی گەشتوگوزار بکەن لە ڕووی ئابوورییەوە، کە دەکرێت سەرمایەی بیانی و ناوخۆیی ڕابکێشرێت بۆ ناوچەکە و داهاتی تاکەکەس زیادبکات.

**١-کێشەی لێکۆڵینەوەکە:**

١- دەوڵەمەندیی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە توانستە جوگرافییە سروشتی و مرۆییەکان، کە نەتوانراوە بە شێوەیەکی زانستی سوودیان لێوەربگیرێت و وەبەربهێنرێن بۆ کەرتی گەشتوگوزار.

٢- بەهەند وەرنەگرتنی کەرتی گەشتوگوزار وەک کەرتێکی ئابووری گرنگ، کە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی نەتەوەییە و هۆکاری بوژاندنەوەی سەرجەم کەرتەکانی ترە.

**٢- ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

١- خستنەڕووی بنەما سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٢- هەڵسەنگاندنی دۆخی گەشتوگوزار لە ناوچەکە بە بەکارهێنانی پێوەری ئاماری- وەسفی و شیکردنەوەی مۆدێلی شیکردنەوەی چواری (SWOT).

٣- پێدانی ڕاسپاردە بۆ بەکارهینانی توانست و بنەماکانی گەشتوگوزار لە قەزای چۆمان بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر خاڵە لاواز و هەڕەشەکان.

**٣-میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە وای خواستووە پشتببەسترێت بە میتۆدەکانی (وەسفی و ئوسولی وشیکاری) بە جۆرێک میتۆدی وەسفی لە پێناو وەسفکردنی توانستە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکە و میتۆدی ئوسولی گرنگە بۆ دەرخستن و ڕۆڵی فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر چالاکیی و لایەنە جیاوازەکانی گەشتوگوزارهەروەها میتۆدی شیکاری بۆ

شیکردنەوەی توانستە سروشتی و مرۆییەکانی چالاکیی گەشتوگوزار، کە کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدان لە ناوچەکە هەیە هەروەها (کێومالّی) سەردانی مەیدانیش دەورێکی بالاّی هەیە بۆ دەستخستنی داتا و زانیاری و وێنەکانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی پڕۆگرامی(GIS) بۆ دروستکردنی نەخشەکان.

**٤-گریمانەی لێکۆڵیەوە:**


١- توانستە گەشتوگوزارییەکان، کە ناوچەی لێکۆڵینەوەی پێ بەناوبانگە بە بنەمای سەرەکیی پەرەپێدانی گەشتوگوزار دادەنرێت، گریمانەی ئەوە دەکەین ناوچەکە دەرفەتی باشی هەیە، کە لە ئایندە سوودی لێوەربگیرێت بۆ کەرتی گەشتوگوزار و پەرەپێدانی.

٢- گریمانەی ئەوە دەکەین خالّە بەهێزەکانی کەرتی گەشتوگوزار زالّترە بەسەر خالّە لاوازەکان.

**٥- سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە قەزای چۆمان، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاّتی پارێزگای هەولێر، لە بەشی باکووری ڕۆژهەلاّتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، لە بەشی باشووری قەزای پشدەرە سەربە پارێزگای (سلێمانی) لە بەشی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای قەزای ڕواندزە، لە بەشی ڕۆژئاوای قەزای سۆرانە وەک لە نەخشەی ژمارە (١)خراوەتەڕوو.

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە/ کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGis10.7) بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هوبەی(GIS).(٢٠٢٢).

## ١ بنەما سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

### ١-١ بنەما سروشتییەکان:


بنەما سروشتییەکان بریتین لەو فاکتەرانەی کە مرۆڤ دەستی نییە لە دروستکردن و پەیدابوونیان و دابەشبوونی جوگرافییان، وەکو شوێنی جوگرافی و بەرزونزمیی ڕووی زەوی و ئاووهەوا و دەرامەتی ئاو و ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی، کە کاریگەریی زۆریان لەسەر جووڵەی گەشتیاران و پەرەپێدانی گەشتوگوزار هەیە.

لە ڕووی شوێنی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر و دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر (١٦٠کم) لە ناوەندی پارێزگاوە دوورە، دەکەوێتە نێوان سێ زنجیرە چیا (قەندیل، هەڵگورد، سەکران) لە ڕووی فەلەکییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانیی (٥″، ٢٧′، ٣٦°) بۆ (٥″، ٤٧′، ٣٦°) باکوور، هەروەها هێڵی درێژیی (١٠″، ٥′، ٤٥°) بۆ (٢٥″، ٥١′، ٤٥°)) ڕۆژهەڵات، لە ڕووی کارگێڕییەوە ئەو قەزایە پێکدێت لە سەنتەری قەزا و هەریەک لە ناحیەکانی (حاجی ئۆمەران،

گەلاڵە، سمیلان، قەسرێ) لەگەڵ (١٦٦) گوند، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتۆتە (٣٤٤٩٢)کەس، ڕووبەری قەزاکە ( ٩٠٧،١٣ کم٢) و ٥،٧% ی کۆی ڕووبەری پارێزگای هەولێر پێکدێنێت کە ڕووبەری پارێزگاکە (١٥٥٧٠ کم٢ ) **(قەلاتی، ٢٠١٥، ص٢)** هەروەها ڕێگایەکی سەرەکی ستراتیجی بەناو شاری چۆماندا تێپەڕدەبێت، کە ئەویش ڕێگای (هاملتۆن)ە، بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە دوو ڕووەوە شوێنێکی ستراتیجیی گرنگی هەیە، ئەوانیش بریتین لە؛ لایەنی گەشتوگوزاری دەرەکی، لەبەرئەوەی سنووری وشکانییەکەی لەگەڵ وڵاتی ئێران یەکدەگرێتەوە، کە ئەمەش بە دەروازەی گەشتیاریی ناوچەی توێژینەوەکە هەژماردەکرێت. لایەنی دووەمی قەزای چۆمان، شوێنێکی جوگرافی گەشتیاری ناوەکی هەیە کەوا گەشتیاران لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق سەردانیدەکەن **(دیوانە و الرواندزی، ٢٠١٩، ص٢٥٧-٢٥٨)**.

مەبەست لە بەرزونزمی ڕووی زەوی چیا و گرد و دۆڵ و دەشت دەگرێتەوە، کە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوچەی پێچئالۆزی چیایی، کە ژمارەیەکی زۆر چیای بەرز لەخۆدەگرێت بەرزترین لوتکە چیاش لەم ناوچەیە هەڵگۆردە، کە بەرزییەکەی دەگاتە (٣٦٠٧م) لە ئاستی ڕووی دەریا، بەرزترین لوتکەیە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش، هەروەها چەندین چیای تر لە ناوچەکەدا هەن وەکو چیاکانی (سەکران، قەندیل، چیخی دەرێ، کۆدۆ، کونوکۆتر، مامەڕووت، گرمەندیل، شێخ ناسر، کۆلیتار و چەندانی تر) وەک لە نەخشەی ژمارە(٢)خراوەتەڕوو.

نەخشەی (٢) بەرزونزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە/ کاری توێژەر بەپشتبەستن بە مۆدێلی بەرزی و نزمی ژمارەیی ناوچەی لێکۆڵینەوە(DEM) بە وردبینی ٣٠ مەتر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis 10.7

ئەم چیایانە دیمەنێکی زۆر جوان و سرنجڕاکێشیان بە ناوچەکە بەخشیوە، هەروەها چەند دۆڵێکی چیایی، کە کەوتونەتە نێوان چیاکان وەکو دۆڵەکانی (باڵەیان، ڕوست، ناوەندە، سەکران) کە ڕێژەی قوڵاییان جیاوازە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دۆڵانە چەند کانیاوێکیان تێدایە، کە دەکرێت سوودی زۆریان لێوەربگیریت بۆ چالاکیی مرۆیی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، شایەنی باسە ئەم بەرزونزمییە لە ناوچەکە بۆتە هۆکاری دروستبوونی چەندان دیمەنی سەرنجراکێش و جوان وەکو تاڤگەکانی (کانی بەست، پرژە، کانیەڕەش، کەورتە) کە ئەم دیمەنە سروشتییانە بە یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی ڕووتێکردنی گەشتیاران دادەنرێت وەک ئارەزوومەندانی وەرزشی سەرکەوتن بەسەر شاخ و پیادەڕۆیی.

هەروەها ئاوهەوا یەکێکی ترە لە بنەما سروشتییە کاریگەرەکان، کە کاردەکاتە سەر سەرهەڵدان و پێشکەوتنی چالاکیی گەشتوگوزار و ڕاکێشانی گەشتیاران، لەژێر سایەی ئاووهەوای گونجاودا دەکرێت بنەما و

ڕەگەزە سروشتی و دەستکردەکان لە ڕووی گەشتیارییەوە بەگەڕبخرێن. خۆرەتاو و هەوای پاک و پلەی گەرمیی مامناوەند لە هۆکارە پاڵنەرەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزارن، ئاشکرایە کە مرۆڤ گەشتدەکات ڕوو لە شوێنێک دەکات کە زۆربەی هەرە زۆری ڕەگەزەکانی ئاووهەوای تێدا گونجاوبێت.

خشتەی(١)تێکرای مانگانە و سالانەو وەرزانەی پلەکانی گەرما لە ویستگەی چۆمان لە سالانی(٢٠١٠–٢٠٢٠)

| مانگەکان | بەرزترین | نزمترین | تێکرا | مەودای گەرمی | وەرزەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی یەکەم | ١٠.٣ | Chart Area | ٦.٦ | ٧.٤ | زستان |
| کانونی دوەم | ٧.١ | -٠.١ | ٣.٦ | ٧ | |
| شوبات | ١٠ | ١.٩ | ٥.٩ | ٨.١ | |
| تێکرا | ٩.١ | ١.٦ | ٥.٤ | ٧.٥ | |
| ئازار | ١٤ | ٥.٥ | ٩.٨ | ٨.٤ | بەهار |
| نیسان | ١٨.٢ | ١٢.٢ | ١٥.٢ | ٦ | |
| مایس | ٢٥.٧ | ١٤.١ | ١٩.٩ | ١١.٦ | |
| تێکرا | ١٩.٣ | ١٠.٦ | ١٥ | ٨.٧ | |
| حوزەیران | ٣٢.٢ | ١٩.٤ | ٢٥.٨ | ١٢.٨ | هاوین |
| تەموز | ٣٦ | ٢٢.٩ | ٢٩.٤ | ١٣.١ | |
| ئاب | ٣٥.٩ | ٢١.٩ | ٢٨.٩ | ١٤ | |
| تێکرا | ٣٤.٧ | ٢١.٤ | ٢٨ | ١٣.٣ | |
| ئەیلول | ٢٩.٧ | ١٨ | ٢٣.٩ | ١١.٧ | پایز |
| تشرینی یەکەم | ٢٤ | ١٣.٣ | ١٨.٦ | ١٠.٧ | |
| تشرینی دوەم | ١٥.١ | ٦.٦ | ١٠.٨ | ٨.٥ | |
| تێکرا | ٢٢.٩ | ١٢.٦ | ١٧.٨ | ١٠.٣ | |
| تێکرای سالانە | ٢١.٥ | ١١.٦ | ١٦.٥ | ٩.٩ | |

سەرچاوە / حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، ویستگەی کەشناسی چۆمان، تۆماری مانگانە و سالانەی پلەی گەرمی لە ماوەی سالانی(٢٠١٠–٢٠٢٠)

به تێبینیکردن لە دەرئەنجامی هاوکێشەی بێڵی بە پڕاکتیککردنی بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت ئاووهەوای ناوچەکە باشترین و شیاوترین جۆری ئاووهەوایە بۆ پیادەکردنی چالاکییەکانی گەشتوگوزار، کە بەهای ئەنجامەکەی دەکەوێتە نێوان ئەو گاپەی، کە بێڵی بە گونجاوی دەزانێت بۆ حەوانەوەی مرۆڤ، کە دەگاتە (٥٨،٣ ف)، کە هێمای(١ C) وەردەگرێت. بڕوانە خشتەی ژمارە(٢)

### ١-١-١ هاوکێشەی بێڵی:

هاوکێشەی بێڵی باشترین جۆری ئاووهەوای بۆ پێوانەکردنی ئاستی حەوانەوەی مرۆڤ داناوە، کە بەهاکەی لە نێوان ٥٤،٤ – ٦٢،٤ پلەی فەهرەنهایت بێت**(موسی، ٢٠٠٢، ص٣٠-٣١)**. (خشتەی ٢). پۆلێنکاریی بێڵی کاریگەریی گەرمی لە ناوچەکەدا دەردەخات لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیە:

$$\mathbf{ET} = \frac{64.2*t'-50*t''}{(d+14.4)}$$

ET=کاریگەریی گەرما

t'=تێکڕای پلەی گەرمیی گەرمترین مانگی ساڵ (ف)

t''=تێکڕای پلەی گەرمیی ساردترین مانگی ساڵ (ف)

d=t'-t''(مەودای گەرمی)

خشتەی (٢) هەرێمی گەرمی کاریگەر بە پێی پۆلێنکاری بێلی

| کاریگەری گەرمی | جۆری ئاوهەوا | هێما |
|---|---|---|
| زیاتر لە ٧٥.٤ | زۆر گەرم | A1 |
| ٦٩.٤-٧٥.٣ | گەرم | A2 |
| ٦٤.٤-٦٩.٤ | نیمچە گەرم | A3 |
| ٦٢.١-٦٤.٤ | مامناوەند | B1 |
| ٥٩.٩-٦٢.١ | مامناوەند | B2 |
| ٥٨-٥٩.٩ | فێنک و خۆش | C1 |
| ٥٦.١-٥٨ | فێنک و خۆش | C2 |
| ٥٤.٤-٥٦.٢ | بەرەو ساردبوون | D1 |
| ٥٢.٩-٥٤.٤ | بەرەو ساردبوون | D2 |
| ٥١.٤-٥٢.٩ | نیمچە سارد | E1 |
| ٥٠-٥١.٤ | نیمچە سارد | E2 |
| ٤٧.٥-٥٠ | سارد | F1 |
| ٤٥.٥-٤٧.٥ | زۆر سارد | F2 |
| کەمتر لە ٤٥.٥ | پلەی بەستن | F3 |

سەرچاوە/ **(مومنی، ٢٠٠٢، ص٣١)**

بە پراکتیککردنی هاوکێشەی بێلی بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە، دەردەکەوێت ئاووهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە باشترین و شیاوترین جۆری ئاووهەوای هەیە، بۆ پیادەکردنی چالاکییە گەشتوگوزارییەکان، لەبەرئەوەی بەهای ئەنجامەکەی دەکەوێتە نێوان ئەو گاپەی کە بێلی بە گونجاوی دەزانێت بۆ حەوانەوەی مرۆڤ کە دەگاتە (٥٨.٣ف)، کە هێمای(C١) وەردەگرێت، چونکە ئەنجامی جێبەجێکردنی هاوکێشەکە دەکەوێتە ئەو ئاستەی کە بێلی بە شیاوی دەزانێت بۆ حەوانەی مرۆڤ.

سەبارەت بە دەرامەتی ئاویش کە یەکێکی ترە لە بنەما سروشتییەکان، کە کاریگەریی ئەو دەرامەتە لەسەر گەشتوگوزار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، کە چەندین چالاکیی گەشتیاریی پەیوەست بە ئاوە و بێ بوونی ئاو ناتوانرێت ئەنجامبدرێت، وەک سەیرکردنی جوانییەکانی بەفر و یاریی خلیسکان لەسەر بەفر و مەلەکردن و سەوڵ لێدان و گەشتوگوزاری چارەسەری، بە

ناڕاستەوخۆش کاردەکاتە سەر جوانیی سروشت و دابینکردنی پێداویستیی ڕۆژانەی گەشتیار و ناوچە گەشتیارییەکان.

وێنەی(١)کانی سپی-گۆمی قەلاو-ڕوباری باڵەکڕوباری باسان-کانی نەریس-کانی ئێخی باڵەک ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە/ ئەم وێنەیە لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/١٧ لەلایەن توێژەر گیراوە.

له  ناوچەی لێکۆڵینەوە سامانێکی ئاویی گرنگی لێیە، کە جگە لە ڕووبارە سەرەکییەکەی (شێخی باڵەک_چۆمان) چەند ڕووبارێکی تری هەمیشەیی هەن لەوانە ڕووبارەکانی (باڵەیان، ڕوست، ناوەندە، باسان) سەرەڕای چەند گۆمێکی سروشتی لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکان، کە بوونەتە هۆکاری سەرنجڕاکێشانی گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی بۆ سەیران و گەشت لە ناوچەکەدا، لەوانە گۆمەکانی (بێکۆدیان، فێڵاو، کرمەسۆران، چلدار، ناوخۆش) سەرەڕای ئەوەی ناوچەکە چەندین کانی و سەرچاوەی هەمیشەیی هەن کە خەڵکی ناوچەکە سوودی زۆریان لێوەردەگرن چ بۆ خواردنەوە یاخود کشتوکاڵ و ئاودێری، کە هەندێکیان لە نوژداریدا بەکاردێن بەهۆی ئەو پێکهاتەکانزاییەی تێیدایە، لەوکانییانە (شێخی باڵەک، باوەکراوە، نەریس). وەک لە وێنەی ژمارە (١)خراوەتەڕوو.

سەبارەت بە هەمەجۆری زیندەوەران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی ئەوەی خاوەنی پارێزراوی سروشتی (ناشناڵ پارکی هەڵگورد_سەکران)ە جیادەکرێتەوە بە جۆراوجۆری زیندەوەران چ لە ڕووی ڕووەکی بێت یاخود ئاژەڵی، هەروەک ئاشکرایە ڕووپۆشی ڕووەکی هۆکارێکی سەرەکی ڕاکێشانی گەشتیارانە بۆ ناوچەکە بەهۆی بایەخی ناوچەی سێبەر و ئەو کەشە ئاسوودەیەی دەیڕەخسێنێت بۆ گەشتیاران، سەبارەت بە هەمەجۆریی ئاژەڵانیش ناوچەی لێکۆڵینەوە بنەمای ژیانی کیوی نایابی تێدایە، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی کە دەکەوێتە ناوچەی هێڵی کۆچکردنی ساڵانەی باڵندەکان لە باشوورەوە بەرەو باکوور بەپێچەوانەشەوە، کە لە ناوچەی سەخت و بەرز کە دەستی مرۆڤی بە زەحمەت پێدەگات بەدەردەکەون.

بۆیە دەتوانین بڵێین ناوچەی لێکۆڵینەوە بنەمای سروشتیی ڕاستەقینەی هەیە لە ڕووی جۆراوجۆریی بەرزونزمی و ئاووهەوا و سامانی ئاو و هەمەجۆریی زیندەوەران، کە ئەمانە هەموویان پێکەوە

دیمەنی گەشتیاری جۆراوجۆر دروستدەکەن لە ناوچەکە، کە پێویستیان بە پارێزگاری کردن هەیە لەنەمان و لەناوچوون بە تایبەتی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی.

## ١- ٢ بنەما مرۆییەکان:

گەشتوگوزار تەنیا لایەنی سروشتی نییە، بەڵکو لایەنی مرۆییش هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار و ڕاکێشانی گەشتیاران، توانستە مرۆییەکان تەواوکەر و درێژەپێدەری وەگەڕخستنی توانستە سروشتییەکانن، بنەما مرۆییەکان تایبەتمەندییەکی گرنگیان هەیە و بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێن لە هۆکارە کاریگەرەکانی گەشتوگوزار، ئەوەی پەیوەستە بە بنەما مرۆییەکانی چالاکیی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە گرنگترینیان بریتین لە دانیشتوان و شوێنەوارە مێژوویی و ئاینییەکان و بنەما ڕۆشەنبیری و کلتوور و دابونەریت، سەبارەت بە دانیشتوان ئاشکرایە پێشکەوتنی گەشتوگوزاری هەر ناوچەیەک پەیوەندییەکی پتەوی بە توانستی دانیشتوانەوە هەیە، چونکە سەرکەوتن و پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە بنەڕەتدا پشت بە خودی دانیشتوان دەبەستێت، دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە جێگیرنەبوونە و گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە بە زیادبوون یان کەمبوون، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرەی بەسەر ناوچەکەدا هاتووە لە ڕاگواستن و شەڕ و ململانێی ڕژێمی بەعس و وڵاتی ئێران.

خشتەی(٣)ژمارەی دانیشتوان لەنێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | ژ.دانیشتوانی قەزا | ژ.دانیشتوانی پارێزگا | ڕێژەی دانیشتوانی قەزا لەکۆی پارێزگا % |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٢٣٩٨٥ | ٥٤١٤٥٦ | ٤،٤ |
| ١٩٩١ | ٢٤٧٥٢ | ٦٨١٤١٥ | ٣،٦ |
| ٢٠٠٣ | ٢٥١٨٤ | ٩٤٥٥٩٢ | ٢،٦ |
| ٢٠٠٩ | ٢٦١٠٥ | ١٢١٣٤٣٠ | ٢،١ |
| ٢٠١٥ | ٣٢٣٨٩ | ٢٠٠٩٦٣٧ | ١،٦ |
| ٢٠٢٠ | ٣٤٤٩٢ | ٢٢٥٤٤٢٢ | ١،٥ |

سەرچاوە/ ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سۆران، زانیاری دانیشتوان، چاپکراو بە کۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە، ٢٠٢١.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ئەنجامەکانی پرۆسەی گەشاروسازی ژمارەکردنی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی (٢٠٠٩).

خشتەی(٣)ژمارەی دانیشتوان لەنێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | ژ.دانیشتوانی قەزا | ژ.دانیشتوانی پارێزگا | رێژەی دانیشتوانی قەزا لەکۆی پارێزگا % |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٢٣٩٨٥ | ٥٤١٤٥٦ | ٤،٤ |
| ١٩٩١ | ٢٤٧٥٢ | ٦٨١٤١٥ | ٣،٦ |
| ٢٠٠٣ | ٢٥١٨٤ | ٩٤٥٥٩٢ | ٢،٦ |
| ٢٠٠٩ | ٢٦١٠٥ | ١٢١٣٤٣٠ | ٢،١ |
| ٢٠١٥ | ٣٢٣٨٩ | ٢٠٠٩٦٣٧ | ١،٦ |
| ٢٠٢٠ | ٣٤٤٩٢ | ٢٢٥٤٤٢٢ | ١،٥ |

سەرچاوە/ ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سۆران، زانیاری دانیشتوان، چاپکراو بە کۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە، ٢٠٢١.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ئەنجامەکانی پرۆسەی گەماروسازی ژمارەکردنی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی (٢٠٠٩).

بۆیە دەبینین ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٧٧(٢٣٩٨٥) کەس بووە بەڵام لەساڵی ١٩٩١ گەیشتۆتە (٢٤٧٥٢)کەس و لە ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتۆتە(٣٤٤٩٢)کەس، هەرچی تایبەتە بە گروپی تەمەنەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەستەی تەمەن مامناوەند، ڕێژەی ٤٦،٩% کۆی دانیشتوانی ناوچەکەی پێکهێناوە، کە ئەمەش بنەمایەکی بەهێزە بۆ وەگەڕخستنی دەستی کار و وەبەرهێنانی توانستە گەشتوگوزارییەکان، ئەم دەستەیە زۆرترین داواکاریی گەشتوگوزاری پێکدێنن و حەزوئارەزووی گەڕانیان هەیە و زیاتر سەربەخۆن لەلایەنی ئابوورییەوە، هەرچی تایبەتە بە ڕەگەزی دانیشتوانی ناوچەکە دەبینین ڕێژەی نێرینە بە جیاوازییەکی کەم زیاترە لە ڕێژەی مێینە، کە (١٠٠،٧ بەرانبەر ١٠٠)ە، ڕێژەی ڕەگەز بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە دەرهێنراوە **(توفیق،٢٠١٢،ل٧٣)** : $\frac{\text{کوڕ}}{\text{کچ}} \times$ ١٠٠.

سەبارەت بە بنەمای شوێنەوارە مێژوویی و ئاینییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین چەندین ناوچەی گرنگی مێژوویی و شوێنەواری تێیدا بەدیدەکرێت، کە ئەگەر گرنگیی تایبەتیان پێبدرێت دەبنە بنەمایەکی سەرەکیی گەشتوگوزار و ڕاکێشانی گەشتیاران لەوانە مەزارگە و گۆڕی پیاوچاکان (ئیبن ئادەم، شێخی باڵەک، باپیر مام صۆفی). وەک لە وێنەی ژمارە(٢) خراوەتەڕوو.

وێنەی(٢)مەزارگە و شوێنە ئاینییە پیرۆزەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە/ ئەم وێنەیە لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/١٥ لەلایەن توێژەرەوە گیراوە.

هەروەها لە ڕووی بنەما ڕۆشەنبیری و کلتووری و دابونەریت و بۆنە و مەراسیمەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە یەکێکن لە شێوازەکانی گەشتوگوزاری نوێ و بنەمای ڕاکێشان تێیدا خستنەڕووی گەشتوگوزارە، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵانە چەندین ڤیستیڤاڵ و بۆنە و چالاکیی هونەری و ئەدەبی و فۆلکلۆری و کاری دەستی نمایشدەکرێن بە بەژداریی هەزاران کەس و دانیشتوانی ناوچەکە کە گرنگترینیان ڕۆژی باڵەکایەتییە، کە بە یەکێک لە ڤیستیڤاڵە گرنگەکان دادەنرێت لە ناوچەکە، سەرەڕای بۆنەی نەتەوەیی جەژنی نەورۆز کە ساڵانە لە ناوچەکە ئەم یادە بەرزڕادەگیرێت، هەروەها لە ناوچەی لێکۆڵینەوە چەند دامەزراوەیەکی ئەکادیمی هەن لەوانە پەیمانگای تەکنیکیی چۆمان و پەیمانگای تایبەتی چۆمان، کە ڕۆڵیان لە ناساندنی ناوچەکە هەیە و کاریگەری دەبێت لەسەر چالاکیی گەشتوگوزاری، سەرەڕای نزیکیی قەزاکە لە سەنتەری قەزاکانی دەوروبەر و نزیکی لە کۆماری ئیسلامی ئیران و هەڵکەوتەی لەسەر ڕێگای ستراتیجیی هاملتۆن، ئەمەش هۆکارێکە

بۆ سەرهەڵدانی گەشتوگوزاری ترانزیت لە ناوچەکەدا. هەموو ئەم بنەما مرۆییانە هۆکارێکی گرنگن بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری.

### ٢ شیکردنەوەی چواری (SWOT) بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی گەشتوگوزار لە قەزای چۆمان

لە لێکۆڵینەوەکەدا لە ڕێگای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان لە بوارەکانی (ڕێبەرانی گەشتوگوزار و دەستەی ژینگە و گەشتیار و خەڵکی ناوچەکە و شارەزایانی ژینگە و ئابووری) دواتر لە ڕێگای وەرگرتنی ناوەندی ژمێرەیی بە پێی پێوەری ڕازیبوون و ناڕازیبوون کە لە خشتەی (٤) دیاریکراوە.

خشتەی(٤)ناوەندی ژمێرەیی بە پێی پێوەری ڕازیبون و ناڕازیبون

| | |
|---|---|
| ١.٠٠٠ ١.٧٩ | بەئاڕاستەی ناڕازیبونی تەواو |
| ١.٨٠ ٢.٥٩ | بەئاڕاستەی ناڕازیبون |
| ٢.٦٠ ٣.٣٩ | بەئاڕاستەی بێلایەن |
| ٣.٤٠ ٤.١٩ | بەئاڕاستەی ڕازیبون |
| ٤.٢٠ ٥.٠٠ | بە ئاڕاستەی ڕازیبونی تەواو |

سەرچاوە/کاری توێژەر بەپشتبەستن بە(**دیاب وعطیة، ٢٠١٨، ص٢١٤**).

بۆ ڕوونکردنەوەی شیکردنەوەی ئاماری ڕاوبۆچوونی پسپۆڕان لە خشتەی (٥) دەردەکەوێ ئاڕاستەی گشتیی ڕاوبۆچوون لەسەر هەڵسەنگاندنی دۆخی گەشتوگوزار و بنەما سروشتی و مرۆیی و خزمەتگوزارییەکان بە ئاڕاستەی ڕازیبوون.

خشتەی (٥)شیکردنەوەی ئاماری راوبۆچونی شارەزایان و پسپۆران لەهەڵسەنگاندنی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای چۆمان

| ز | دەستەواژەکان | ناوەند | ئاراستەی گشتی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | لاوازی ئاستی ژێرخانی گەشتیاری ناوچەکە بەتایبەتی لە ڕوی تۆڕی ڕێگاوبان و شەبەکەی ئەنتەرنێت و کارەبا | ٢.٩٦ | بێلایەن |
| ٢ | لاوازی هێزی لەخۆگرتن و شوێنی مانەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لەکاتی جەنجاڵیدا | ٣.٤٥ | رازیبون |
| ٣ | لاوازی لە دابینکردنی دارایی تایبەت بەکەرتی گەشتوگوزار بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ناوچە گەشتوگوزاریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە . | ٤.٨٨ | رازیبونی تەواو |
| ٤ | هەبونی چەندین ناوچە و شوێنەواری مێژوی و کلتوری وەکو ئەشکەوتەکانی تەشی ڕیس و سەردیمان و چۆمبارۆک گوندە کلتوریەکەی سەرکان و چەند گوندیکی گەشتیاری جوان و سەرنجراکێش کەهۆکاریکی گرینی پەیوەست بەگەشتیاریە لەناوچەکەدا. | ٤.٥٥ | رازیبونی تەواو |
| ٥ | ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەویتە نێوانی کۆمەڵێک زنجیرە چیا وە ڕوپۆشێکی ڕووەکی چڕ و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت. | ٣.٥٨ | رازیبون |
| ٦ | هەبونی کەشوهەوایەکی لەباری گەشتیاری و دەوڵەمەندی بەسەرچاوەکانی ئاو، بونی چەندین کانی و سەرچاوە و تاڤگە و گۆمی سروشتی جوان و سەرنجراکێش | ٤.٨٥ | رازیبونی تەواو |
| ٧ | لاوازی ڕۆڵی راگەیاندن لەگرینگیدان بە چالاکی گەشتوگوزار لەناوچەکەدا. | ٣.٨٧ | رازیبون |
| ٨ | کەمی گرینگی دان بە دارستانەکان و برینەوەیان لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە ،سەرەرای گرینگیەکەی وەک یەکێک لەلایەنە جوانەکانی گەشتیاری . | ٢.٩١ | بێلایەن |
| ٩ | کەمی و لاوازی هۆشیاری ژینگەیی گەشتیاران بەتایبەت هەندی لەو گەشتیارە ناوخۆییانەی کە سەردانی ناوچەکە دەکەن بەتێکدان و پیسکردنی سروشت و فریدانی پاشماوەکان بەشێوەی هەرەمەکی دوای خۆیان. | ٤.٣٣ | رازیبونی تەواو |
| ١٠ | هەبونی ڕێگایەکی ستراتیجی کەبەناو سەنتەری قەزاکە تێپەردەبێت کە ناسراوە بە ڕێگای هاملتون، ناوچەکە دەبەستێتەوە بە کوماری ئیسلامی ئێران. | ٤.٨٥ | رازیبونی تەواو |
| ١١ | لاوازی ئەمن و ئاسایشی گەشتیاری بەهۆی بونیچەند گروپێکی چەکدار بەبیانوی جۆراوجۆر لەناوچەکەدا کە هەرەشەیە لەسەر پەرەپێدان و ئاییندەی چالاکی گەشتوگوزار بۆ ناوچەکە. | ٣.٧٧ | رازیبون |
| ١٢ | لاوازی لە پلان و ستراتیجییەتی تایبەت بە وەبەرهێنانی توانستە گەشتوگوزارییەکان لە چوارچێوەی پلانی پەرەپێدانی ناوچەکە | ٤.٢٥ | رازیبونی تەواو |
| ١٣ | گونجاوە بۆ چالاکی گەشتوگوزار لە وەرزی هاوین و گەشتوگوزاری زستانە لە وەرزی زستاندا. | ٣.٢٢ | بێلایەن |
| ١٤ | هەبونی چەند دیمەنێکی ناشیاو لەڕوی پۆینی جل و بەرگ و ڕەفتار لەلایەن هەندیک لەگەشتیاران کەلەگەڵ داب و نەریت و کلتوری ناوچەکە ناگونجی . | ٢.٣٣ | نارازی |
| | ناوەندی گشتی | ٣.٨٤ | |

سەرچاوە/کاری توێژەر بەپشتبەستن بە **(دیاب وعطیة،٢٠١٨،ص٢١٤)** .

## ٢-١ شیکردنەوەی چواری (التحليل الرباعي) SWOT

ئەم جۆرە شیکردنەوە بە یەکێک لەو ڕێگا نوێیانە دادەنرێت کە تازەهێنراوەتە ناو بواری شیکردنەوەی ستراتیجیی هەر ڕێکخراوێک یان ناوچەیەک بە ئامانجی دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاو، کە ژینگە ناوخۆیی و دەرەکییەکە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە **(بوردیمة، ٢٠٢١، ص٤)** شیکردنەوەی چواری (SWOT) تێڕوانینێکی ناوخۆیی دەخاتەڕوو بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی ژینگەی ناوخۆیی بۆ توێژینەوە، کە ئەمەش خاڵەکانی هێز (Strengths) و خاڵەکانی لاوازی (Weaknesses) لەخۆدەگرێت، سەرەڕای ژینگەی دەرەکی، کە کاریگەریی دەبێت لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە کە لە شێوەی هەلی بەردەست (Opportunities) و هەڕەشەکان (Threats) بەدیاردەکەوێت، دواتر ئەوەمان بۆ دیاریدەکات کە ئایا هۆکارەکانی (ناوخۆیی یان دەرەکی) یارمەتیدەرن بۆ ئەنجامدانی کارەکە یاخود نا **(عبدالهادي، ٢٠٢٠، ص٣٩٧)**.

بە شێوەیەکی گشتی SWOT بە ڕێگایەکی شیکاریی کاریگەر دادەنرێت کە دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت لە شیکردنەوەی توانستە گەشتوگوزارییەکان بە تایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی چالاکیی گەشتوگوزاری لە قەزای چۆمان.

## ٢-٢ چەمکی شیکردنەوەی چواری SWOT

شیکردنەوەی چواری بریتییە لە ڕێگایەکی ستراتیجی لە شیکردنەوەی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی لە ڕێگەی خاڵەکانی هێز و لاوازیی ناوخۆیی بە شێوازێکی ڕێژەیی و هەل و هەڕەشەکان لە ژینگەی دەرەکی، هەروەها هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە بۆ دۆزینەوەی خاڵەکانی هێز و لاوازیی ناوخۆیی و بەراوردکردنیان لەگەڵ هەل و هەڕەشە دەرەکییەکان کە ئەمەش بینینێکی ستراتیجی دەداتە دامودەزگاکان بۆ داڕشتنی

ستراتیجییەکی نموونەیی بۆی (**الزعبی، ٢٠٠٥، ص١٠٦**)، هەروەها بریتییە لە کرداری لێکۆڵینەوە و زانینی هێزی ژینگەی ناوخۆیی کە لایەنەکانی هێز و لاواز دەگرێتەوە، هەروەها هێزی ژینگەی دەرەکی کە هەل و هەڕەشەکان دەگرێتەوە (**الباری و جرادات، ٢٠١٤، ص٨٧**).

## ٢-٣ گرنگیی شیکردنەوەی چواریSWOT

شیکردنەوەی چواری گرنگییەکی زۆری هەیە کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا بیانخەینەڕوو:

١- پشکنین و دۆزینەوەی دوو ژینگەی چالاک، کە ئەوانیش ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکین.

٢- پشکنینی ژینگەی ناوخۆیی بە دیاریکردنی خاڵەکانی هێز، کە پێی جیادەکرێتەوە و خاڵەکانی لاوازی کە بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

٣- پێشبینیکردن بۆ ئەو هەلە بەردەستانە، و هەڕەشەکان کە دەکرێت تووشی ئەو ناوچەیە ببێت، کە دەبێتە هۆی سنووردانانێک بۆ توانستەکانی لە ڕووی مانەوە و گەشەسەندنەوە.

٤- چالاککردن و پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی خاڵەکانی هێز و هەلە بەردەستەکان.

٥- نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییان.

٦- دوورکەوتنەوە لە سەرچاوەی هەڕەشەکان ئەگەر نەتوانرا بە تەواوەتی خۆی لێ لابدرێت.

٧- قۆستنەوەی ئەو هەلانەی کە ژینگەی دەرەکی دەیڕەخسێنێت لە کاتی گونجاودا پێش ئەوەی ببێتە هەڕەشە لەسەر چالاکییەکان.

٨- دانانی تێڕوانینێکی ڕوون کە پلان و سیاسەتی کارکردنی لەسەر بنیاتبنرێت (**بوردیمة، ٢٠٢١، ص٤**).

## ٢-٤   ئامانجی شیکردنەوەی چواری SWOT

١- دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان ستراتیجییەتی ئێستا و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوودەدەن لە ژینگەی کارکردندا.

٢-هەڵبژاردنی ئەو ستراتیجییەتەی کە دەگونجێت لەگەڵ هەموو ئەو داهات و توانستە بەردەستانە لە پێناو پاڵپشتیکردنی خاڵە بەهێزەکان و بەکارهێنانیان لەو هەلە بەردەستانەی کە دەڕەخسێن، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە مەترسی دروستدەکەن لەسەری، هەروەها ڕاستکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی.

٣-دیاریکردنی کەلێنە ستراتیجییە داهاتووەکان بەهۆی دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاواز و هەل و هەڕەشەکان، پاشان پێشبینیکردن بۆ داهاتوو لەسەر بنەمای ئەو دیاریکردنە، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی قەبارەی ئەو کەلێنە لە نێوان ئامانجە داهاتووەکان و ئەو پێشبینییەی کە بۆی دەکرێت (**الحجاوي و سلطاني، ٢٠١٤، ص١٥**).

## ٢-٥   دانانی ڕیزکردنی شیکاریی چواری SWOT

ئامادەکردنی ڕیزکردنی شیکاری چواری SWOT پێویستی بە دیاریکردنی پێکهاتووەکانی هەریەک لە چوارگۆشەکانی ناو ڕیزکردنە کە هەیە(**الطيطي، ٢٠١٣، ص٢١٤**).

خشتەی(٦) ڕیزکردنی شیکاری چواری SWOT

| | |
|---|---|
| Strengths<br>خاڵە بەهێزەکان | Weaknesses<br>خاڵە لاوازەکان |
| Opportunities<br>هەلەکان | Threats<br>هەڕەشەکان |

سەرچاوە/ **(منصور و صبحي، ٢٠٠٧، ص٢٢٨)**

خاڵەکانی هێز: ئەو سیفاتە ناوخۆیی و توانستە خودییانە دەگرێتەوە کە یارمەتیدەرن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ڕووی چالاکیی گەشتیارییەوە.

خاڵە لاوازەکان: خاڵە لاوازەکانیش لە چوارچێوەی سیفاتە ناوخۆیەکاندایە، بەڵام ئەمانە سنوورێک لەبەردەم جێبەجێبوونی سەرکەوتنی چالاکیی گەشتوگوزاریدا دادەنێن وەکو لاوازی لە دەرامەت و توانستە مرۆیی و ماددی و توانستە سروشتییەکان  یاخود لاوازی لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا.

هەلەکان: بریتییە لە بارودۆخی دەرەکی یاخود بارودۆخێکی دیاریکراو کە بنەمایەکی یارمەتیدەرە لە جێبەجێکردنی ئامانجە گشتییەکانی چالاکییەکە ئاساندەکات وەک زیادبوونی خواست لەسەر خستنەڕوو، هەروەها زیادبوونی گرنگیپێدان لەلایەن دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی و باشترکردنی.

هەڕەشەکان: ئەو کاریگەرییە دەرەکییانەن یان ئەو بارودۆخەیە کە ئاستەنگ لە بەردەم چالاکیدا دروستدەکات، یاخود ئەو ڕووداوانەن، کە بۆی هەیە ڕووبدات لە داهاتوودا، کە ئەگەر بێتو ڕووبدات ئەوا کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەر چالاکییەکە **(خیري، ٢٠١٤، ص١١٩)**.

## ٢-٦ شیکاریی چواری SWOT بۆ ناوچەی قەزای چۆمان لە ڕووی گەشتوگوزارییەوە

نموونەی شیکاریی چواری (SWOT) بۆ خاڵەکانی هێز و لاواز و هەل و هەڕەشەکان بە گرنگترین ڕێگاکانی شیکاریی ستراتیجی دادەنریت و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە کەرتەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری لە پێش هەمووشیانەوە کەرتی گەشتوگوزار، شێوازی SWOT ڕێگەیەکی بنەڕەتییە، کە بەهۆیەوە لە دوو کۆمەڵە پۆلێنی ژینگەی کار دەکرێت؛ یەکەمیان ژینگەی ناوخۆ، کە خاڵە بەهێز و لاوازەکان دەگرێتەوە. دووەمیان بنەماکانی ژینگەی دەرەکییە، کە هەل و هەڕەشەکان دەگرێتەوە **(امام و حسن، ٢٠١٦، ص٩)** بنەمای کارکردنی ئەم شیکارییە لە خشتەی ژمارە (٧) ڕوونکراوەتەوە

خشتەی (٧) شیکاری چواری SWOT بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە

| خاڵەکانی هێز Strength | خاڵەکانی لاوازWeakness |
|---|---|
| ١-قەزای چۆمان بنەمایەکی باشی هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاران و ژینگەییەکی گونجاوە بۆ چالاکی گەشتوگوزار لە وەرزی هاوین و گەشتوگوزاری زستانە لە وەرزی زستاندا.<br>٢-هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکە بایەخێکی گرنگی گەشتوگوزاری هەیە لە ڕوی گەشتوگوزاری دەرەکی و ناوخۆیی.<br>٣- هەبونی ڕێگایەکی ستراتیجی کەبەناو سەنتەری قەزاکە تێپەردەبێت کە ناسراوە بە ڕێگای هاملتۆن، ناوچەکە دەبەستێتەوە بە کۆماری ئیسلامی ئێران .<br>٤-ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوانی کۆمەڵێک زنجیرە چیا و ڕوپۆشێکی ڕووەکی چڕ و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت .<br>٥-لێژی ناوچەکە هۆکارێکە بۆ بونی ژینگەییەکی گونجاو بۆ چالاکی و پرۆژە گەشتوگوزاریەکان و وەرزشی پیادەڕۆیی و سەرکەوتن بەسەر شاخ و خلیسکانی سەربەفر و دروستکردنی پرۆژەی تەلەفریک .<br>٦- هەبونی چەندین ناوچە و شوێنەواری مێژوی و کلتوری وەکو ئەشکەوتەکانی تەشی ڕێس و سەردیمان و چۆمبارۆک گوندە کلتوریەکەی سەرکان و چەند گوندیکی گەشتیاری جوان و سەرنجراکیش کەهۆکارێکی گرینی پەیوەست بەگەشتیارییە لەناوچەکەدا .<br>٧- حەزوئارەزوی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران و کردنەوەی ناوچەکانیان لەبەردەم گەشتیاران و ناساندنی ناوچەکە بە گەشتیاران.<br>٨- هەبونی کەشوهەوایەکیلەباری گەشتیاری و دەوڵەمەندی بەسەرچاوەکانی ئاو بونی چەندین کانی و سەرچاوە و تاڤگە و گۆمی سروشتی جوان و سەرنجراکیش، سەرەڕای ئەوەی هەندی لە کانیاوەکان لە نوژداریدا سوودیان لێوەردەگیرێت بۆ چارەسەرکردنی حەساسیە و لابردنی بەردی گورچیلە لەوانە کانی شێخی باڵەکان . | ١ لاوازی ئاستی ژێرخانی گەشتیاری ناوچەکە بەتایبەتی لە ڕوی توڕی ڕێگاوبان و توڕی ئەنتەرنێت و کارەبا.<br>٢ لاوازی یان نەبونی بەرنامەی بەبازارکردنی گەشتوگوزاری لە ناوچەکەدا.<br>٣ کەمی و لاوازی هوشیاری ژینگەیی گەشتیاران بەتایبەت هەندێ لەو گەشتیارە ناوخۆیانەی، کە سەردانی ناوچەکەدەکەن بەتێکدان و پیسکردنی سروشت و فرێدانی پاشماوەکان بەشێوەی هەڕەمەکی دوای خۆیان .<br>٤ لاوازی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەگرینگیدان بە چالاکی گەشتوگوزار لەناوچەکەدا.<br>٥ کەمی گرینگیدان بە دارستانەکان و برینەوەیان لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە، سەرەڕای گرینگیەکەی وەک یەکێک لەلایەنە جوانەکانی گەشتیاری .<br>٦ لاوازی هێزی لەخۆگرتن و شوێنی مانەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لەکاتی جەنجاڵیدا .<br>٧ لاوازی لە دابینکردنی دارایی تایبەت بەکەرتی گەشتوگوزار بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە . |
| **هەلەکان Opportunities** | **هەڕەشەکان Threats** |
| ١-هەلی پەرەپێدانی چەندین شێوازی نوێی گەشتوگوزاری لەناوچەکەدا وەک گەشتوگوزاری سەرکێشی و خۆبانەبەرخۆر و ژینگەیی .<br>٢-سود وەرگرتن لە شوێنە جیاجیاکانی تری ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ چالاککردنی کەرتی گەشتوگوزار و پەرەپێدانی.<br>٣- ڕەخساندنی هەلی کاری نوی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس لەناوچەکە .<br>٤-دەتوانرێت نەخشەیەک بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکان دابنرێت لەناوچەی لێکۆڵینەوە، کە توانستێکی بەرزی هەبێت و ڕون بێت بۆ ئەوەی پێناسەی ناوچەکە بکرێت بە هۆیەوە بۆ گەشتیاران.<br>٥-کردنەوەی پێشانگا و چالاکی ئابوریە تایبەتەکان بەتایبەتی گژوگیا بەهارییەکان وەکو(ڕیواس_کوارگ_کەنگر_هەندریشە_ سریلک_جاترە _پونگ) کە ناوچەکەی پێ دەوڵەمەندە.<br>٦- هەبونی ڕێکخراوی ناحکومی بەتایبەتی گروپی شاخەوانی هەڵگورد و نەوەکانی ئەیلول، کە کاریان کارکردنە، لە پەرەپێدان و گرینگیدان بە ناوچەکە لەڕوی گەشتوگوزارییەوە.<br>٧-ئامادەکردن و پێگەیاندنی دەستی کاری لێهاتو، کادیری پسپۆر لەبواری گەشتوگوزار .<br>٨-سازدانی زۆرێک لەئاهەنگ و فیستیڤاڵ کە ڕۆڵی دەبێت لە چالاککردنی گەشتوگوزاری لەناوچەکەدا . | ١-لاوازی لەیەک گەیاندنی ناوچە گەشتوگوزارییە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی توڕی ڕێگاوبان .<br>٢-فەرامۆشکردنی هەندێک شوێنی گەشتیاری جوان و سەرنجراکیش، چڕبوونەوەی گەشتیاریی لەسەنتەری قەزاکە، سەرەڕای شیاوی ئەم ناوچانە بۆ گەشتوگوزار وەک دۆڵی باڵەیان و دۆڵی ڕوست .<br>٣-لاوازی ئەمن و ئاسایشی گەشتیاری بەهۆی بونی چەند گروپێکی چەکدار بەبیانوی جۆراوجۆر لەناوچەکەدا، کە هەڕەشەیە لەسەر پەرەپێدان و ئایندەی چالاکی گەشتوگوزار بۆ ناوچەکە .<br>٤-زیادبونی کاریگەرییە نەرێنیەکانی گەشتیاران وەکو زیادبونی پاشماوەکان و دەست درێژی بۆ سەر ژینگەیی ناوچەکە و تێکدان و پیسکردنی سەرچاوە و کانیاوەکان بەهۆکاری زیادبونی ژمارەی گەشتیاران .<br>٥-کەمی داتا و ئامارەکانی پەیوەست بە گەشتوگوزاری ناوچەکە.<br>٦-لاوازی لە پلان و ستراتیجییەتی تایبەت بە وەبەرهێنانی توانستە گەشتوگوزارییەکان لە چوارچێوەی پلانی پەرەپێدانی ناوچەکە.<br>٧-هەبونی چەند دیمەنێکی ناشیاو لەڕوی پۆشینی جل و بەرگ و ڕەفتار لەلایەن هەندێک لەگەشتیاران کە لەگەڵ داب و نەریت و کلتوری ناوچەکە ناگونجێ . |

سەرچاوە/ کاری توێژەر

## ٢-٧ هەڵسەنگاندن بۆ فاکتەرە ستراتیجییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان

دروستکردنی ڕیزکراوە (مصفوفە) بەگرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەبێت:

١- دیاریکردنی زۆرترین خاڵەکانی هێز و لاواز کە کاریگەرییان لە شیکاریی ژینگەی ناوخۆیی و دیاریکردنی زۆرترین خاڵەکانی هەل و هەڕەشەکان هەیە، کە کاریگەرییان هەیە لە شیکاریی ژینگەی دەرەکی بۆ ژێرخانی گەشتوگوزاری لە ناوچەی چۆمان.

٢- دیاریکردنی کێشی ڕێژەیی بۆ هەر فاکتەرێکی ستراتیجیی ژینگەی ناوخۆ و دەرەکی، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی کاریگەریی ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە باسکران لەسەر ژێرخانی گەشتوگوزاری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەوا کۆی هەموو کێشەکان ژمارە (١)ی تەواو بێت.

٣- ڕیزبەندیکردنی فاکتەرەکانی سەرەوە بە پێوەرێک کە درێژدەبێتەوە لە(١ تا ٥) جا چ پەیوەندی بە خاڵەکانی هێز و لاواز یاخود هەل و هەڕەشەکانەوە بێت، کەوا تێیدا ڕیزبەندی(٥) یان بە گرنگترینیان دادەنرێت و (٤) بە گرنگ و (٣) بە مامناوەند و (٢) کەمتر لە مامناوەند و (١) بە لاواز دادەنرێت **(دیاب وعطیة، ٢٠١٨، ص٢١٧-٢١٨).**

٤- هەژمارکردنی کێشەکانی پەسندکراو بۆ هەر فاکتەرێکی ستراتیجی لە ڕێگەی کێشی ڕێژەیی × ڕیزبەندی دەبێت.

٥- کۆکردنەوەی خاڵەکانی پەسندکراو بۆ گەیشتن بە شێوە و سروشتی گەشتوگوزاری ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەرچەندە کۆی خاڵەکان لە ژمارە (٥) نزیکبێت ئاماژەیە بۆ نایابیی ژێرخانی گەشتوگوزاری ناوچەی

لێکۆڵینەوە، بەپێچەوانەوەش ئەگەر کۆی خاڵەکان لە ژمارە (١) نزیکبێت ئاماژەیە بۆ لاوازیی ژێرخانی ناوچەکە.

٦- بەراوردکردنی کۆی ئەنجامی کێشە پەسندکراوەکان بە ئەنجامی ناوەندەژمێرەی یەکلاکەرەوە، کە بریتییە لە ژمارە(٣) کە بە دەستمان کەوتووە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی هەموو ئەنجامە ستراتیجییەکان و دابەشکردنیان بەسەر ژمارەکانیان(١+٢+٣+٤+٥ =١٥/٥=٣) لە حاڵەتی زیادبوونی کۆی کێشە پەسندکراوەکانی ژینگەی ناوخۆیی (خاڵی هێز و لاواز) ئەوا ژینگەی ناوخۆیی بە خاڵی بەهێز دادەنرێت بۆ ناوچەکە، بەڵام لە حاڵەتی زیادبوونی کۆی کێشە پەسندکراوەکانی ژینگەی دەرەکی (هەل و هەڕەشەکان) ئەوا ژینگەی دەرەکی هەل لەخۆدەگرێت بۆ ناوچەکە، بەلام لە حالەتی زیاتربوونی ناوەندەژمێرەی یەکلاکەرەوە لەکۆی کێشە پەسندکراوەکانی فاکتەرە ستراتیجییەکان بەیەکەوە ئەوا ژینگەی دەرەکی هەڕەشە لەخۆدەگرێت **(الوشاحی وخلیل، ٢٠١٨، ص٥٢)**.

## ٢_٧_١ دروستکردنی (مصفوفە) ڕیزکراوێک بۆ فاکتەرە ناوخۆییەکان

ئەم خشتەی خوارەوە گرنگترین بنەماکانی هێز و لاوازی لە ژێرخانی گەشتوگوزاری ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕووندەکاتەوە، هەروەها کێشی ڕێژەی پەسندکراو بۆیان، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکانی گەشتوگوزار و ئابووری لە ناوچەکەدا بۆ دانانی کێشەکان:

**خشتەی(٨) ڕیزکراوەیەک(مصفوفە) بۆ فاکتەرە ناوخۆییەکانی ژێرخانی گەشتوگوزاری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| | فاکتەری ناوخۆی | کێشی ڕێژەیی | ریزبەندی | کێشی پەسندکراو |
|---|---|---|---|---|
| | خاڵی بەهێز | | | |
| ١ | قەزای چۆمان بنەمایەکی باشی لە راکێشانی گەشتیاران هەیە و ژینگەییەکی گونجاوە بۆ چالاکی گەشتوگوزار لە وەرزی هاوین و گەشتوگوزاری زستانە لە وەرزی زستاندا. | ٠.٠٨٤ | ٥ | ٠.٤٢ |
| ٢ | هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکە بایەخێکی گرنگی گەشتوگوزاری هەیە لە روی گەشتوگوزاری دەرەکی و ناوخۆیی. | ٠.٠٦٤ | ٥ | ٠.٣٢ |
| ٣ | هەبونی ریگایەکی ستراتیجی کەبەناو سەنتەری قەزاکە تێپەردەبێت، کە ناسراوە بە ریگای هاملتون، ناوچەکە دەبەستێتەوە بە کۆماری ئیسلامی ئێران. | ٠.٠٤٤ | ٣ | ٠.١٣ |
| ٤ | ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوانی کۆمەڵێک زنجیرە چیا و ڕوپۆشێکی رووەکی چر و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی جۆراوجۆر لە خۆدەرێت. | ٠.٠٥٤ | ٤ | ٠.٢١ |
| ٥ | لێژی ناوچەکە هۆکاریکە بۆ بونی ژینگەییەکی گونجاو بۆ چالاکی و پرۆژە گەشتوگوزاریەکان و وەرزشی پیادەرویی و سەرکەوتن بەسەر شاخ و خلیسکانی سەربەفر و دروستکردنی پرۆژەی تەلەفریک. | ٠.٠٧٤ | ٥ | ٠.٣٧ |
| ٦ | هەبونی چەندین ناوچە و شوێنەواری مێژوی و کلتوری وەکو ئەشکەوتەکانی تەشی ریس و سەردیمان و چۆمبارۆک گوندە کلتوریەکەی سەرکان و چەند گوندیکی گەشتیاری جوان و سەرنجراکێشکەهۆکاریکی گرینی پەیوەست بەگەشتیاریە لەناوچەکەدا. | ٠.٠٦٠ | ٤ | ٠.٢٤ |
| ٧ | حەزوئارەزوی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران و کردنەوەی ناوچەکانیان لەبەردەم گەشتیاران و ناساندنی ناوچەکە بە گەشتیاران. | ٠.٠٤٤ | ٣ | ٠.١٣ |
| ٨ | هەبونی کەشوهەوایەکی لەباری گەشتیاری و دەوڵەمەندی بەسەرچاوەکانی ئاو بونی چەندین کانی و سەرچاوە و تاڤگە و گۆمی سروشتی جوان و سەرنجراکێش، سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە کانیاوەکان لە نوژداریدا سودیان لێوەردەگیرێت بۆ چارەسەرکردنی حەساسیە و لابردنی بەردی گورچیلە لەوانە کانی شێخی باڵەکان. | ٠.٠٧٦ | ٥ | ٠.٣٨ |
| | | ٠.٥ | | ٢.٢١ |

| | فاکتەری ناوخۆی | کێشی ڕێژەیی | ڕیزبەندی | کێشی پەسەندکراو |
|---|---|---|---|---|
| | خاڵی لاواز | | | |
| ١ | لاوازی ئاستی ژێرخانی گەشتیاری ناوچەکە بەتایبەتی لە ڕوی توڕی ڕێگاوبان و شەبەکەی ئەنتەرنێت و کارەبا. | ٠.٠٧٣ | ٤ | ٠.٢٩ |
| ٢ | لاوازی یان نەبونی بەرنامەی بەبازاڕ کردنی گەشتوگوزاری لە ناوچەکەدا. | ٠.٠٩١ | ٥ | ٠.٤٥ |
| ٣ | کەمی و لاوازی هۆشیاری ژینگەیی گەشتیاران بەتایبەت هەندێ لەو گەشتیارە ناوخۆییانەی، کە سەردانی ناوچەکەدەکەن بەتێکدان و پیسکردنی سروشت و فڕێدانی پاشماوەکان. | ٠.٠٦١ | ٣ | ٠.١٨ |
| ٤ | لاوازی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەگرینگی دان بە چالاکی گەشتوگوزار لەناوچەکەدا. | ٠.٠٧٠ | ٤ | ٠.٢٨ |
| ٥ | کەمی گرینگیدان بە دارستانەکان و بڕینەوەیان لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە ،سەرەڕای گرینگییەکەی وەک یەکێک لەلایەنە جوانەکانی گەشتیاری. | ٠.٠٤١ | ٣ | ٠.١٢ |
| ٦ | لاوازی هێزی لەخۆگرتن و شوێنی مانەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لەکاتی جەنجاڵیدا. | ٠.٠٤٤ | ٣ | ٠.١٣ |
| ٧ | لاوازی لە دابین کردنی دارای تایبەت بەکەرتی گەشتوگوزار بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ناوچە گەشتوگوزاریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە. | ٠.٠٧٦ | ٤ | ٠.٣٠ |
| ٨ | نەبونی نوسینگەی گەشتیاری وکەمی ڕێبەری گەشتیاری لەناوچەکەدا. | ٠.٠٤٤ | ٤ | ٠.١٧ |
| | | ٠.٥ | | ١.٩٢ |

سەرچاوە/کاری توێژەر

به تێڕوانین لەم خشتانەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە پلەی گشتیی کێشە پەسندکراوەکان(١.٩٢+٢.٢١)= ٤.١٣ کەوا سروشتی ژێرخانی ناوچەکە بە نایاب دادەنرێت، بە بەراوردکردنی کۆی ئەنجامەکانی کێشە پەسندکراوەکان=٤.١٣ بە ئەنجامی ناوەندە ژمێرەی گشتی یەکلاکەرەوە کە (٣)یە دەبینین زیادەیەک هەیە لە کۆی کێشە پەسندکراوەکانی ژینگەی ناوخۆیی، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە ژینگەی ناوخۆیی خاڵی هێز لەخۆدەگرێت بۆ ناوچەکە، کە پێویستە کاربکرێت بۆ پێشخستنی و پەرەپێدانی زیاتر بۆئەوەی نەگۆڕێت بۆ خاڵی لاواز، و ببێتە بەربەست بۆ زیادبوونی جوڵەی گەشتوگوزاری لە ناوچەکەدا.

**خشتەی(٩)ڕیزکراوەیەک(مصفوفە)بۆ فاکتەرە دەرەکییەکانی ژێرخانی گەشتوگوزاری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| | فاکتەری دەرەکی | کێشی ڕێژەیی | ڕیزبەندی | کێشی پەسندکراو |
|---|---|---|---|---|
| | هەلەکان | | | |
| ١ | هەلـــی پەرەپێـــدانی چەنـــدین شـــێوازی نـــوێی گەشـــتوگوزاری لەنـــاوچەکەدا وەک گەشـــتوگوزاری سەرکێشی و خۆدانەبەرخۆر و ژینگەیی . | ٠.١ | ٥ | ٠.٥ |
| ٢ | سود وەرگرتن لە شوێنە جیاجیاکانی تری ناوچەی لێکـۆڵینەوە بـۆ چـالاککردنی کەرتـی گەشـتوگوزار و پەرەپێدانی . | ٠.٠٧ | ٤ | ٠.٢٨ |
| ٣ | ڕەخسـاندنی هەلـی کـاری نـوێ بـۆ دانیشـتوانی ناوچەکە و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس لەناوچەکە. | ٠.٠٦١ | ٤ | ٠.٢٤ |
| ٤ | دەتوانرێت نەخشەیەک بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکان دابنرێت لەناوچەی لێکۆڵینەوە، کە توانستێکی بەرزی هەبێت و ڕون بێت بـۆ ئەوەی بەوهـۆیەوە پێناسـەی ناوچەکە بۆ گەشتیاران بکرێت. | ٠.٠٤٦ | ٣ | ٠.١٣ |
| ٥ | کردنەوەی پێشانگا و چالاکی ئابورییە تایبەتەکان بەتایبەتی گژوگیا بەهارییەکان وەکو (ڕێواس _کوارگ _کەنگـر _هەندرێشـە_ سـرێلک_جاترە _پونـگ) کە ناوچەکەی پێ دەوڵەمەندە. | ٠.٠٥٠ | ٣ | ٠.١٥ |
| ٦ | هەبـونی ڕێکخـراوی نـاحکومی بەتـایبەتی گروپـی شاخەوانی هەڵگورد و نەوەکانی ئەیلول، کە کاریان کار کردنە لە پەرەپێدان و گرینگیدان بە نـاوچەکە لەڕوی گەشتوگوزارییەوە. | ٠.٠٤٤ | ٤ | ٠.١٧ |
| ٧ | ئامـادەکردن و پێگەیانـدنی دەسـتی کـاری لێهـاتو کادیری پسپۆر لەبواری گەشتوگوزار . | ٠.٠٥٢ | ٣ | ٠.١٥ |
| ٨ | سازدانی زۆرێک لەئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ کە ڕۆڵی دەبێت لە چالاککردنی گەشتوگوزاری لەناوچەکەدا . | ٠.٠٧٧ | ٥ | ٠.٣٨ |
| | | ٠.٥ | | ٢ |

| | فاکتەری دەرەکی | کێشی ڕێژەیی | ڕیزبەندی | کێشی پەسندکراو |
|---|---|---|---|---|
| | هەڕەشەکان | | | |
| ١ | لاوازی لەبەیەکگەیاندنی ناوچە گەشتوگوزارییە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی تۆڕی ڕێگاوبان . | ٠.٠٩٤ | ٥ | ٠.٤٧ |
| ٢ | فەراموشکردنی هەندێک شوێنی گەشتیاری جوان و سەرنجراکێش، چڕبوونەوەی گەشتیاری لەسەنتەری قەزاکە، سەرەڕای شیاوی ئەم ناوچانە بۆ گەشتوگوزار وەک دۆڵی باڵەیان و دۆڵی ڕوست . | ٠.٠٧ | ٤ | ٠.٢٨ |
| ٣ | لاوازی ئەمن و ئاسایشی گەشتیاری بەهۆی بونی چەند گروپێکی چەکدار بەبیانوی جۆراوجۆر لەناوچەکەدا، کە هەڕەشەیە لەسەر پەرەپێدان و ئایندەی چالاکی گەشتوگوزار بۆ ناوچەکە . | ٠.١ | ٥ | ٠.٥ |
| ٤ | زیادبونی کاریگەرییە نەرێنیەکانی گەشتیاران وەکو زیاد بونی پاشماوەکان و دەستدرێژی بۆ سەر ژینگەیی ناوچەکە و تێکدان و پیسکردنی سەرچاوە و کانیاوەکان بەهۆکاری زیادبونی ژمارەی گەشتیاران . | ٠.٠٤٨ | ٣ | ٠.١٤ |
| ٥ | کەمی داتا و ئامارەکانی پەیوەست بە گەشتوگوزاری ناوچەکە. | ٠.٠٥٧ | ٣ | ٠.١٧ |
| ٦ | لاوازی لە پلان و ستراتیجییەتی تایبەت بە وەبەرهێنانی توانستە گەشتوگوزارییەکان لە چوارچێوەی پلانی پەرەپێدانی ناوچەکە. | ٠.٠٧٣ | ٤ | ٠.٢٩ |
| ٧ | هەبونی چەند دیمەنێکی ناشیاو لەڕوی پۆشینی جل و بەرگ و ڕەفتار لەلایەن هەندێک لەگەشتیاران کەلەگەڵ دابو نەریت و کلتوری ناوچەکە ناگونجی | ٠.٠٥٨ | ٣ | ٠.١٧ |
| | | ٠.٥ | | ٢.٠٢ |

سەر چاوە/کاری توێژەر

به تێڕوانین لەم دوو خشتەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە کۆنمرەی کێشە پەسندکراوەکان(٢+٢.٠٢)=٤.٠٢، ئەمەش ئاماژەیە کە سروشتی ژێرخانی ناوچەکە بە گرنگ دادەنرێت، بە بەراوردکردنی کۆی ئەنجامەکانی کێشە پەسندکراوەکان (٤.٠٢) بە ئەنجامی ناوەندە ژمێرەی گشتیی یەکلاکەرەوە، کە بریتییە لە (٣) دەبینین زیادەیەک هەیە لە کۆی کێشە پەسندکراوەکانی فاکتەرە ژینگەییە دەرەکییەکان (هەل و هەڕەشەکان) لە ناوەندە ژمێرەی گشتی، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە ژینگەی دەرەکی هەلی ڕەخساو لەخۆدەگرێت بۆ ناوچەکە.

## ئـــــــــەنجام

١- ناوچەی لێکۆڵینەوە بەیەکێک لە گرنگترین ناوچە گەشتوگوزارییەکانی پارێزگای هەولێر دادەنرێت، بەهۆی جیاوازبوونی لە ڕووی سروشت و جوانی و دەرامەتی ئاووئاوهەوای فێنک و سازگار، سەرەڕای بوونی چەندین بنەمای بەهێز لە ژێرخانی گەشتوگوزار، بەڵام بە گشتی ناوچەی چۆمان بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت گرنگیی ئەوتۆی پێنەدراوە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە.

٢- شیکاری چواری (SWOT) کە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکیی ناوچەی لێکۆلینەوە و پاڵپشتیی خاڵە بەهێزەکان و چارەسەری خاڵە لاوازەکان دەکات، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ زانینی چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر ناوچەکە و قۆستنەوەی هەلەکان، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکیی گەشتیاریی ناوچەکە کە ببێتە پاڵپشتییەکی ئابووری بۆ وڵات.

٣- ئەنجامی شیکردنەوەی (مصفوفە) ڕیزکراوە، کە بۆ فاکتەرە ستراتیجییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کراوە دەبینین کێشە پەسندکراوەکانی فاکتەری ناوخۆیی=٤.١٣ و کێشە پەسندکراوەکانی فاکتەری دەرەکی=٤.٠٢ بە بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەی گشتیی یەکلاکەرەوە کە (٣) یە، دەبینین زیادەیەک لە هەردوو فاکتەرە ژینگەییەکە هەیە، بەمەش دەردەکەوێت کەوا سروشتی ژێرخانی ناوچەکە بە نایاب دادەنرێت بۆ چالاکیی گەشتوگوزار.

٤- ئەنجامی شیکردنەوەی چواری (SWOT) و شیکردنەوەی (مصفوفە) ڕیزکراوە، کە بۆ بارودۆخی چالاکیی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکلۆڵینەوە کراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ژینگەی ناوخۆیی خاڵی هێز لەخۆدەگرێت بۆ ناوچەکە، پێویستە کاربکرێت بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی

بۆ ئەوەی نەگۆڕێت بۆ خاڵی لاواز، هەروەها ژینگەی دەرەکی هەلی ڕەخساو لەخۆدەگرێت بۆ ناوچەکە، کە لە ئایندە سوودی لێوەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری.

## پێشنیاز

به پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە دەتوانین چەند پێشنیازێکی گرنگ دابنێین، کە ئەمانەن:

١- پێشنیازدەکەین لایەنی پەیوەندیدار سوود لە ئەنجامی ئەم مۆدێلەی شیکاریی چواری (SWOT) وەربگرێت، کە ئەم توێژینەوەیەی لەسەر ئەنجامدراوە.

٢- پێشنیازدەکەین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکانی ناوچەکە سوود لە ئەنجامی توێژینەوەکە وەربگرن، بە تایبەتی خاڵە لاوازەکان و هەوڵی نەهێشتنیان بدرێ، کە بەربەستن بۆ چالاکیی گەشتوگوزاری.

٣- پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەوڵی گۆڕینی خاڵە لاوازەکان بە تایبەتی(ڕێگاوبان، تۆڕی شەبەکەی مۆبایل و ئەنتەرنێت، کارەبا) بدات و سوود لەو هەل و دەرفەتانەش وەربگرێت، کە بەپێی شیکاریی چواری (SWOT) ئاماژەمان پێداون، هەروەها دابینکردنی ئەمن و ئاسایشێکی تەواو بۆ گەشتیاران لە تەواوی ناوچەکە.

٤- کارکردن بۆ پەرەپێدان و بەبازاڕکردنی گەشتیاری لەلایەن وەزارەتی گەشتوگوزار و دەستەی چالاککردنی گەشتوگوزار بۆ زیادبوونی جووڵەی گەشتوگوزار لە ناوچەکە، سەرەڕای ئامادەکردنی فلیمی دۆکیۆمێنتاری و نەخشەی ڕێبەری بە چەندین زمانی بیانی بۆ ناساندنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## ليستى ســــــــەرچاوەكان


- امام و حسن, محمود السيد و يحيى شحاته ,٢٠١٦, تنمية سياحة الكهوف في مصر (دراسة مقارنة), مجلة البحوث السياحية, العدد (١) أكتوبر.

- البارى و جرادات, ابراهيم و ناصر محمد سعود,٢٠١٤ ,الاءدارة الاستراتيجية, دار وائل للنشر والتوزيع, الطبعة الاولى, عمان

- بورديمة، سعيدة,٢٠٢١ , دور التحليل الرباعى فى تفعيل التخطيط السياحى البيلى (الجوهرة السياحية مدينة حمام دباغ بقالمة نموذجا)، مجلة المقاولائية والتنمية المستدامة, العدد (١)

- تۆفيق، هەڵبەست عبدالرحمن، ٢٠١٢، توانستە جوگرافييەكانى پەرەپێدانى چالاكى گەشتوگوزارى لە قەزاى مێرگەسۆر، ماستەرنامە، كۆلێژى ئەدەبيات، زانكۆى سەلاحەددين.

- الحجاوى و سلطانى, طلال محمد و ساكنة ,٢٠١٤ , SWOT لتقييم المصارف التجارية، دار البازوري العلمية للنشر والتوزيع, الطبعة الاولى, عمان.

- خيري, أسامه,٢٠١٤,القيادة الاستراتيجية، دار الراية للنشر والتوزيع, الطبعة الاولى, عمان.

- دياب وعطية، عبدالله محمد وياسمين عبدالمعطى،٢٠١٨، البدائل لاستراتيجية المقترحة لتنويع المنتج السياحى المقدم بمنطقة سقارة الاثرية ضمن استراتيجية النموذج التحليل الرباعى SWOT، المجلة الدوليةللتراث و السياحةوالضيافة،المجلد١٢، العدد الثانى،سبتمبر.

- ديوانه و الرواندزى، ئامانج احمد حمدامين و عمر حسين حسن، ٢٠١٩، النمذجة لاء مكانات الطبيعة للتنمية السياحية فى قضاء جومان،مجلة تويژەر، رقم خاص لمؤتمر قسم الجغرافيا.

- الزعبى ,حسن على ,٢٠٠٥,نظم المعلومات الاستراتيجية ,دار وائل للنشر والتوزيع, الطبعة الاولى, عمان.

- الطيطي ,خضر مباح اسماعيل ,٢٠١٣,الاءدارة الاستراتيجية ,دار حامد للنشر والتوزيع, الطبعة الاولى, عمان.

- عبدالهادى , مريم مضر ,٢٠٢٠ , البيئة المكانية السياحية لمحافظة النجف الاشراف _رؤية تخطيطية استثمارية, مركز التخطيط الحضرى و الاقليمى للدراسات العليا_جامعة بغداد ,العدد (٥٧).

- قەلاتى، فتاح حسن عبدالله،٢٠١٥، المقومات الطبيعية للسياحة البيئية فى قضاء جومان باءقليم كوردستان_العراق (دراسة فى الجغرافية الطبيعية)، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الاداب، جامعة المنصورة

- منصور و صبحي، الغالبى طاهر محسن و ادريس وائل ,٢٠٠٧, الاءدارة الاستراتيجية دار وائل للنشر والتوزيع, عمان.

- موسى، على حسن، ٢٠٠٢، المناخ الحيوىَ، دار نينوى للدراسات والنشروالتوزيع، الطبعة الاولى،دمشق_سوريا.

- الوشاحى وخليل، مفيده ورشا احمد، ٢٠١٨، استخدام نموذج التحليل الرباعى فى تقييم المنتج السياحى بمنطقة تل العمارنه بمحافضظة المنيا، مجلة اتحاد الجامعات العربية للسياحة والضيافة،المجلد ١٥، العدد الثانى، ديسمبر.

**ملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى تقييم المبادئ والمقومات والإمكانات الطبيعية والبشرية للسياحة في منطقة چومان، لهذا الغرض، فإن البحث، على الرغم من أنه يفترض أن المنطقة غنية بالمبادئ الأساسية للتنمية السياحية، ومع ذلك يحتاج إلى تقييم موضوعي لوضع النشاط السياحي، بغية الوصول إلى أهداف البحث، اعتمد الباحث على المنهج الوصفي وتحليل نموذج التحليل الرباعي (SWOT) بالاستناد على الاستبيان العشوائي والمقابلة المباشرة مع الأشخاص المختصين في مجال السياحة، في التحليل الرباعي من خلال وضع الوزن للمعايير عن طريق الأخذ بالمعادلة الوسطية الحسابية لتحديد النقاط (القوية والضعيفة) وتحديد الفرص والمخاطر التي يتعرض لها النشاط السياحي في منطقة البحث، توصلت الدراسة إلى أن منطقة چومان تمتلك العديد من نقاط القوة في قطاع السياحة، على الرغم من العديد من الفرص التي يمكن أن تلعب دورا فعالا في تطوير النشاط السياحي في المستقبل .مفاتيح الدراسة: منطقة چومان، النشاط السياحي، المبادئ الطبيعية والإنسانية، التحليل الرباعي(SWOT) .

**Abstract**

This study aims in investigating the natural and artificial principles and abilities of Choman touristic areas. The paper hypothesizes that the touristic features in the area are the main points for progress. The study uses qualitative method through using (SWOT) analysis depending on a random survey and interview with experts in the field. The SWOT analysis shows the numeral measurements to identify the strong and weak points; besides, it elaborates on the opportunities and the risks on the touristic places in the area. The paper concludes that Choman city has many touristic areas that leads to many opportunities to develop Choman tourism in the future.

**Keywords**: Soran District, Touristic Activities, Natural and Artificial Principles, SWOT Analysis.